# سێ تەوەرەکەی کێشەی PKK: تورکیا ، ئەمەریکا و ئێران

## سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوین لەهەر کات ناسکترە بەرامبەر بە کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی شەڕ


نوسینی: ئارەزوو جەلالیفەر- ئەمستردام

شرۆڤەگەری سیاسیی لە رێکخراوی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی نێودەوڵەتی و سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست


تایبەت بۆ گوڵان

یەکێک لە گەرمترین مەسەلەو باس و خواسەکانی ئێستای تورکیا بریتییە لە هێرشەکانی ئەمدواییەی **pkk** بۆسەر هێزەکانی ئاسایشی تورکی و ڕاگەیاندنی بڕیاری ئاگربەست لەلایەن ڕێبەرانی ڕێکخراوەکە. لەوماوەیەدا حکومەتی تورکیا چاوەڕوانی هەماهەنگیەکی گشتگیرو چارەسەرێکی فەندەمێنتاڵی لە ئەمەریکا کردووە، بەڵام تائێستا هیچ هەوڵێک لەلایەن ئەمەریکاوە نەدراوە لەوبارەیەوە.

دەوڵەتی تورکیا پێیوایە دوای شەڕی عێراق و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، لەناوبردنی نزیکەی ٥٠٠٠ چەکداری **pkk** کە ئێستا لە باکووری عێراق جێگیرن ئاسانتر بووە، بەڵام دووبارە لەوە داخبارە کە هیچ هەوڵێکی لەو جۆرە نییە. ئەو پەیوەندیەی کە لەنێوان ئەمریکاو تورکیاش هەیە بەهۆی ئێران و دیپلۆماسیەکەیەتی سەبارەت بە تەنگژە ناوەکیەکەی، کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی قوڵتر کردۆتەوە.

لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ تورکیا لە ساڵی ڕابردوو، عەلی لاریجانی سەرۆکی هێزەکانی ئاسایشی نیشتمانی و گەورە بەرپرسی گفتوگۆکانی ئێران ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمەریکا گفتوگۆ لەگەڵ تیرۆریستانی **pkk** دەکات لە ئێراق بەڵام هیچ کارێک ناکات بۆ رێگەگرتن لە چالاکیەکانیان و لەناوبردنی کامپەکانیان لە باکووری ئێراق. هەر لەو رۆژانەشدا بوو کە هەواڵی ئۆپەراسیۆنی سنوور بەزاندنەکانی هێزەکانی ئێران و هێرشە موشەکیەکانی ئێران بڵاوبۆوە بۆسەر کامپەکانی **PKK**. ئێران ویستی ئەو پەیامە بدات کە ئێران لەوبارەیەوە پێچەوانەی ئەمەریکایەو هاوکاری تورکیا دەکات لەو مەسەلەیەدا. ئەو پەیامەی ئێران دەرخستنی یاریەکی ستراتیجی بوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە بازنەی تەنگژەکانی چەکی ناوەکی. بەڕاشکاوی ئەو هەوڵانەی ئێران لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەیەتی، بەڵام ئەوە تەنها یەک ڕووی دراوەکەیە. لەلایەکەوە دەتوانرێت ئەوە بخرێتەوە یاد کە ئێران دژی **PJAK** خەباتدەکات کە لە **pkk** جیابۆتەوەو چالاکیەکانی خۆی لە ناو سنوورەکانی ئێرانەوە لەدژی هێزە ئێرانیەکان ئەنجامدەدات. بۆیە هەماهەنگی نێوان ئێران و تورکیا شتێکی سەرسورهێنەر نییە، بەپێچەوانەوە، دەبێت شتێکی زانراوبێت کە هەماهەنگیکردن زۆر گرنگە بۆ لەناوبردنی چالاکیە تیرۆریستیەکان لەهەرێمەکە. لەلایەکی ترەوە ڕاستییەکی دیار هەیە، بۆچی ئەمەریکا یارمەتی تورکیا نادات لە شەڕکردن دژی **PKK** و چالاکییە سەربازییەکانی؟ هەروەها بۆچی هەموو باسەکانی هەماهەنگی لەهەوادا هەڵواسراون بەبێ هیچ هەوڵێکی کۆنکریتی؟.



کوشتنی١٤ سەربازی تورکی لەلایەن **PKK** ەوەلە هەرێمی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیا، تورکیای ناچارکرد هەنگاوی توندتر بهاوێژێت. بۆیە لە کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرندا داوای ئۆپەراسیۆنێکی سنوور بەزاندن کرا.

تورکیا ئێراق و ئەمەریکای ئاگادار

کردەوە کە چیتر دان بەخۆیدا ناگرێت لەبەرامبەر بوونی چەکدارانی **pkk**لە چیای قەندیل. ئیدارەی ئەمەریکا پشتگیری ئۆپەراسیۆنی سنوور بەزاندن ناکات و ئۆپەراسیۆنێکی لەو جۆرەش بە لۆجیک نازانێت، بەڵام بەدەستهێنانی دەوڵەتی تورک پێیانوایە ئەمەریکا پێویستە بەرپرسیارێتیەکانی خۆی جێبەجێبکات وەکو هاپەیمانێکی تورکیا، بەڵام سەبارەت بە لەناوبردن و دەرکردنی **PKK**، ئەمەریکا دەڵێت ئەو نایەوێت تورکیا بچێتە ناو خاکی ئێراقەوە. لە وەڵامی ئەوەدا تورکیا دەڵێت ئەو نە دەیەوێت ئێراق داگیر بکات و نەدەشیەوێت وێرانی بکات. بەڵکو مەبەستی لەوە بەکارهێنانی مافی بەرگریکردن لە خۆیەتی بۆ ئەوەی کۆتایی بەو تیرۆریزمە بێنێت کە دەبووایە حکومەتی ئێراقی کۆتایی پێبێنێت. لەوەتەی کێشەکانی ئەمدواییەی لەنێوان ئیسرائیل و لوبنان و فەلەستین ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەژاندووە و ئەمەریکا بەناوی مافی بەرگریکردن لەخۆو پرسینەوەی دوو ئیسرائیلی داکۆکی لە ئیسرائیل دەکات، کەواتە ڕەوایە تورکیاش لێکۆڵینەوە مافی لێکۆڵینەوەی لە بەرگریکردن لەخۆی هەبێت لەگەڵ پرسینەوەی ٣٠هەزار قوربانی کە لەئەنجامی هێرش و شەڕەکان گیانیان لەدەستداوە. لە جەنگی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، چەندین بیردۆزی جیاواز هەن کە لەلایەن وڵاتانی جیاوازەوە پیادە دەکرێن. بەڵام کاتێک بەراوردی نێوان کێشەی ڕفاندنی دوو ئیسرائیلی و چالاکی چەکداری لەلایەن **pkk**دەکەین، وە کاتێک بەراوردی نێوان دوو وڵات دەکەین کە دژی تیرۆر دەجەنگن، ئەوکاتە ناهاوسەنگیەکی ڕوون دەبینین. سەرای ئەوەی مەبەستی تورکیا بریتییە لە کەمترین قوربانی خەڵکی سڤیل و لەچوارچێوەی یاسا نێو دەوڵەتیەکانەوە کاردەکات، کەچی ئیسرائیل هیچ گوێ بە کۆمەڵگەی مەدەنی نادات و یەکانگیریش نییە لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتیەکان، بەڵام ئەمەریکا وەکو هێزێکی زەبەلاح و بەرپرس لە هێنانەکایەوەی هاوسەنگی دەسەڵات لە سیستەمی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە کاردەکات. ئەو بۆچوونە نادادپەروەرانە خاڵی لێکترازانی مەسەلەکانە.

لەکاتێکدا گفتوگۆی نێوان ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیاو ڕۆس ویلسنی باڵوێزی ئەمەریکا لە تورکیا بەڕێوەدەچوو سەبارەت بە باسی ئۆپەراسیۆنی تورکیا لە باکووری ئێراق، هەواڵێکی سەرنجڕاکێش لە ماڵپەری ئینترنێتی بازتابی ئێرانی بڵاوکرایەوە. بەپێی ئەو هەواڵە، هاوکات لەگەڵ زیاتربوونی هێرشەکانی **PKK**، هێزە سەربازیەکانی ئێرانیش هێرشەکانی خۆیان لەدژی ئەو گروپە زیاد کردووە. دوای لێکدانەوەی ئەنجامەکانی دواترین دوو ئۆپەراسیۆن دەرکەوت کە ٥٤ کەس لەئەندامانی **pkk**کوژراون، ئەوەش زیادبوونی قوربانییەکانی **pkk**نیشاندەدات لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمدواییەدا. لەنێو کوژراوەکانیشدا (ئیسماعیل شوجاعی) خەزووری عوسمان ئۆجەلان هەبوو.

لەلایەکی دیکەوە، باڵوێزی ئێران لە ئەنقەرە، فەیرۆز دەوڵەتئابادی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی جیهانی تورکی گوتوویەتی کە ئێران پشتگیری تورکیا دەکات لەکاتی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆسەر **pkk**لە باکووری ئێراق. هەروەها ئەو ئاماژەی بە سیاسەتی دووفاقی ئەمەریکاش کرد لە ناوچەکە.

دەرەنجام، ئەوە ڕوونە کەتورکیا چیتر ناتوانێت لەبەرامبەر هێرشەکانی **pkk**ئارامبگرێت، لەلایەکی ترەوە سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهەر کات ناسکترە بەرامبەر بە کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی شەڕ. بەتایبەتی لەو ماوەی دواییدا، کەنەخشەیەکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەرانسەری جیهان بڵاوکراوەتەوە، ئێران و تورکیاش هەمان کێشەی **pkk**یان هەیە. ئێران لەلایەن خۆیەوە لەدژی هێرشەکان دەجەنگێت و تورکیاش خۆی بۆ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی سنوور بەزاندن ئامادە دەکات. بۆیە ئەمەریکا کە کۆنترۆلی ئێراقی بەدەستەوەیە پێویستە هەنگاوی کۆنکریتی بهاوێت سەبارەت بە هەماهەنگیکردن لە چارەسەر کردنی کێشەی **PKK**و یارمەتیدانی چارەسەرکردنی کێشەکان بێ دووبارەبوونەوەی سیناریۆی کارەساتێکی دیکە لە هەرێمەکە. ئەویش بەوەی ئەمەریکا چاکسازی لە سیاسەتی دووفاقیی خۆی و بۆچوونە دژە ئەمەریکیەکانی هەرێمەکە بکات.

**هەماهەنگی ئێران لەگەڵ تورکیا پەیوەست بە دۆسییەی pkk دەرخستنی گەمەیەکی ستراتیژیی ئێران بوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە تەنگژەکانی چەکی ئەتۆمی**

